نیشانی ماڵپەڕ : www.r-kurdistan.com
پۆستی ئەلیکترۆنی :@ rojigel
Fax : 004724136315

ROJIGEL

...hotmail.com

Weekly Newspaper Issued By : Rizgary Party Of Kurdistan – RPK gulani 2003 No: 119

خاڵۆ ئەواکس دەڵێ ...



*بەڕپرسێك ئاوات دەخوازێ سەدام نەڕوخێ، بەخێزانەکەی گوتبوو: دەترسم لەگەڵ نەمانی سەدام، کورسیەکەی منیش نەمێنێ!.

*دڵسۆزی حزبێك بە جەنابی سکرتێری گوتبوو: پێمواید بەهیچ ڕاناگەین و ئێمەش دەپێچنەوەو ئاودیومان دەکەن و کەسیش نەماوە دوو قسەی خێرمان بۆ بکات.

*دەستەیەك بەر لە هەڵایسانی شەڕ ژمارەیەك کە تەرومشاری ئاسنپریان کڕی و خۆیان بۆ هێرش و پەلامار ئامادە کرد، خۆشبەختانە پۆلیس و ئاسایش بە ئاگا بوون و مایە پوچ دەرچوون

*بەڕپرسێك گوتبووی سیاسەتی جۆکەرمان هەیە ئەگەر (INC)یش هیچی پێنەبڕێت، ئێمە پەکمان ناکەوێ لەگەڵ بڕای بەڕێزمان (پاچەچی) ڕێککەوتنمان هەیە!

دیاردەیەکی سەیر!

ئەگەر ڕێگەت بکەوێتە هەر فەرمانگەو بەڕێوە بەرێتی و وەزارەتێك یەکسەر پاسەوانان یان پرسگە لێت دەپرسێ: ئەگەر دەمانچەو تەلەفونی مۆبایلت لایە دایبنێ، بردنە ژوورەوەیان قەدەغەیە ! !

دیارە بەبڕیاری سەروو هەڵگرتنی تەنانەت تەلەفۆنی مۆبایلش لەو شوێنانە یاساغ و لە یاسا بەدەرە.

ڕاستە چەکداری دیاردەیەکی ناشارستانیو قێزەونەو گەرەکە هەموومان نەفرەتی لێبکەین و لێدوربکەوینەوە، بەڵام لەکاتێکدا بەرپرسی بەڕێز بۆ خۆی جوانترین دەمانچەو چەندین جۆری مۆبایل و ژمارەیەك پاسەوانی پرچەکی هەبێت، ڕەوانیە بەخەڵکانی دیکە بڵێ کە نابێ لاسایی من بکەنەوە !

لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا، تەنانەت لە دەرەبەگایەتشدا، وابواە کە گەورەکان کارو کردەوەیان پەسندو شیاو بێ تا کەسانی دیکە ئامازەیان بۆ بکەن و چاویان لێبکەن.

لێرەدا هەقی خۆمانە بپرسین: ئەگەر دەمانچە هەڵگرتن دیاردەیەکی دزێوناشارستانیە، فەرموون بەرپرسانی بەرێزئێوەش هەڵیمەگرن!

ئەطەتر تەلەفۆنی مۆبایل دیاردەیەکی خۆدەر هێنان و طوماناویە، فەترموون بەترسانی بەرێز ئێوەش لە شوێنە طشتیەکاندا هەڵیمەطرن!

لە دونیادا زانراوە لە هەندآ شوێنی تایبەت نووسراوە تکایە مۆبایلەکانتان دابخەن، جا هەقە ئاسەوان و ئرسطەکانی شوێنە طشتیەکانیش بەخەڵك بڵێن تکایە ئەطەر تەلەفۆنتان لایە دایبخەن!

ناسنامەی هونەرمەند ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد

ئا : یوسف خەلیل

کاتێك ئەو کەسەی دەبێتە شاگوڵی باخچەکانی سروشتی ژیان ،بەیداغی نەمریی لەئەستۆ دەگرێ‌ولەنێو ئادەمیزاددا شکۆی نرخی بەهرە بەدەست دێنی، سرودەکانی خەونی هونەرمەند دەبێتە گەوهەرو هەندێك لەساتە تێکشکاوەکانیکۆمەڵ داگیردەکات بەخەندەو ئیستاتیکای ژین بونەوەر بەختەوەر دەکات.

هونەرمەند ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد میوانی ئەم ساتەمانە،ساڵی ١٩٤٦ لەگەڕەکی کانێسکانیشاری سلێمانی لەدایك بووە،هەرلەسەرەتای تەمەنیەوە هونەر بۆتە خەون وخولیای پێیەوە پەیوەست بووە، بۆیە لەساڵی ١٩٧٨ چۆتە ڕیزی ئەندامەکانی (کۆمەڵی هونەرووێژەی کوردی)ئەوساو(کۆمەڵی‌هونەرە جوانەکانی کورد)ی‌ئێستا سەرەتای کاری هونەری لەمدەزگایەدا لەبەشی شانۆودرامادا بەتۆمارکردنی چەند شانۆیەکی ڕادیۆیی دەستی پێکرد کەلەو سەردەمەدا خەڵکی زۆر بەدانسقەوە گوێبیستی دەبوون،ئێستاش هەندێك لەڕادیۆکان ئەم ڕێڕەوەیان بەرنەداوە،یەکێك لەو بەرهەمە شانۆییانە(خۆری ئاوابوو)بووکەلە دەرهێنانی هونەرمەندی نەمر "عیزەت ئەحمەد"بوو وەیەکەم کاری شانۆیی ئەم بەڕێزە شانۆیی "گەڕانەوەی کتوپڕ"بووەلساڵی ١٩٨٠ نمایش کرا کەلەدەرهێنانی هونەرمەند "عەبدولی حەمەجوان"بوو هونەرمەند لەهەموو کارو چالاکییەکانی کۆمەڵدا بە بەردەوامی چ وەکو کارەکتەرو چ وەك کاری هونەری بەشداری کردووە بەم شێوەیە:

***شانۆیی تەنەکە ساڵی ١٩٨٢ نمایشکرا .**

*شانۆیی سەلەی نانکەر ساڵی ١٩٨٣ نمایشکرا.

*شانۆیی میراتی ساڵی ١٩٨٣ نمایشکرا.

*شانۆیی گولاڵە ساڵی ١٩٨٤ نمایشکرا.

*شانۆیی کابرا سەیرەکە ساڵی١٩٨٥ نمایشکرا.

*شانۆیی سمکۆلانی ئەسپەشێ ساڵی ١٩٩١ نمایشکرا.

*شانۆیی حەمەدۆك ساڵی ١٩٩٢ نمایشکرا.

*شانۆیی لەمردن گەڕایەوە ساڵی ١٩٩٤ نمایشکرا

*شانۆیی پیاو بەپیاو ساڵی ١٩٩٤ نمایشکرا.

*شانۆیی گالیگۆلا ساڵی١٩٩٥ نمایشکرا.

*شانۆیی ئوتێلی ئاخرزەمان ساڵی ١٩٩٦ نمایشکرا.

*فیلمی شار ساڵی ١٩٩٨ نمایشکرا.

ئەوەی شایانی باسەزۆربەی ئەم شانۆییانە تۆمار کراون بۆ تەلەفیزیۆن.ئەمێستاش بەبەردەوامی خەریکی کارەهونەرییەکانێتی،بەبەرهەمی تازەو خەونی پڕهزرتروەوە ڕوبەڕوی‌کارەهونەرییەکانی ئایندەیەتی ،ئەم بەڕێزە ئێستا لێپرسراوی کتێبخانەو گەنجینەی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردە.

سێ بەرهەمی نوێی حسێن بەفرین

دیوانی حسێن بەفرین

لە بەرگێکی جوان و رازاوەدا چاپی دووەمی بەرگی یەکەمی دیوانی حسێن بەفرین بە چاپ گەیشت ، شاعیر زیاتر لە ٣٥ ساڵە هاتۆتە نێو بواری ئەدەب و نوسینەوە و لە زۆربەی بلاوکراوە کوردیەکاندا بەرهەمی قەڵەمە بە برشتەکە ی دەبینرێت ، هەر لە دووتوێی ئەم دیوانەدا نامیلکەی "گرێبەند " چاپکراوەتەوە کە شاعیر لەساڵی ١٩٧٨ دا بەچاپی گەیاندبوو ، بەرگی یەکەمی دیوانی حسێن بەفرین تۆمارنامەی ئەو ڕۆژانەیە کە گەلەکەمان لەژێردەسەلآتی داگیر کەردا نالآندویەتی ، بەڵام شاعیر وەکو خۆی ئەڵێت " هەرچەند بەئازار تەزیوم ، سەربزێو بووم نەبەزیوم " زمانی شیعری ئەم دیوانە زمانێکی سادە بەڵام ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند ، هیوای بەچاپ گەیاندنی بەرگەکانی تری شاعیر ئەخوازین .

کام ئەلف و بێ ویژدانتان

رائەچڵەکێنێ

خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەمین بالدار و کتێبی ئەلفبێی ماموستا عەبدولآ محەمەد ئەمین ، پێش لە چاپدانی ئەم کتێبە بەڕێز حسێن بەفرین لەهەفتەنامەی ڕۆژی گەلدا زۆربەی ووتارەکانی

کە زیاتر لە ٤٢ ئەڵقە دەبوو بلاو کردەوەو بێ دەسکاری لە کتێبەکەیدا بە چاپی گەیاندووە لەطەڵ بەشە بلاونەکراوتکانی تریدا ، هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەخوازین .

ئێمە لەگەڵ دواڕۆژدا بۆ کوێ دەچین

حسێن بەفرین هەر بەتەنیا شاعیرو ڕەخنەگر نیە ، بەڵکو نوسەرێکی سیاسی بە تواناشە ، ئەم کتێبە خۆینەوەیەکی وورد لە مەڕ واقیعی ئەمڕۆی گەلەکەمان ، پێش لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە ئەم کتێبە بە چاپ گەیشتووە ، نوسەر حەتمیەتی لێدان و ڕوخاندنی سەدام و دوای سەدامی باسکردووە ، کەواتە نوسەر خۆیندنەوەیەکی زانستی لەمەڕ کێشەو مەسەلەکان هەبووە ، هیوای بەرهەمی باشترو بەپێزتری بۆ دەخوازین.

چیخۆف و مندالآ

ئا : دڵزار حسێن

نوسەری بەناو بانگی جیهانی (چیخۆف) ساڵی (١٨٦٠)ز لەڕوسیا لەدایك بووە، ساڵی (١٨٧٩)ز لەزانکۆی مۆسکۆ لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیراوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە حەزی بە پیشەی پزیشکی نەکردووەو زیاتر لەبوار نوسیندا خۆی خەریك کردووە بەتایبەتی لە بوارەکانی چیرۆك و شانۆنامەو ڕۆماندا، بۆیە دەستی لە خوێندنی پزیشکی هەڵگرتووەو بەیەکجارەکی ژیانی تەرخان کردووە بەنوسینەوە کە تا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠)چیرۆکی چاپکراوی بلاو کراوەی هەیە.

شایانی باسە(چیخۆف) لەنوسینەکانیدا بایەخێکی زۆری سەرنج ڕاکێشەری بە منداڵ و کێشەی منداڵ داوە کە لەزۆرینەی زۆری چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو ساڵی (١٩٠٤)ز کۆچی دوایی کردووە.

سەگی ئەلەکترۆنی!

فرگەی هیترۆی شاری لەندەن یەکێکە لە پرترین فرگەکانی جیهان، ڕۆژانە بەسەدان فرۆکە تێیدا هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە بەمەش پشکنینی ڕێبواران کاتێکی زۆرو ماندوو بوونی زۆری دەوێت .

لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا بۆ یەکەمین جار سەگی ئەلەکترۆنی بۆ پشکنینی ڕێواران و پەیداکردنی مادە بێهۆشکەرەکان هێنرایە بواری ئەزمونکاریەوە هەر ڕێبوارێك کە لە بەرامبەر ئەو سەگە ژیرە تێپەڕ ببێت بە بۆن ئاشکرای دەکات کە چی لەنێو جانتاکەی یان لە نێو جلەکانیدا شاردراوەتەوە بەمەش سەرەتای ئاسانکاری بۆ پۆلیس فرگەو بازگەکان دۆزرایەوە.

دەڵێن ئەو سەگانە زۆر ژیرن و تاقیکردنەوەکەش سەرکەوتوو بووە، لەمەوبەدوا دەتوانرێت لە فرگەو بازگەکاندا سودی لێوەربگرێت و پۆلیس و کارمەندانیش ئاسووده لێ ڕابکشێن.

چاپکراوی نوێ



دەوڵەت و کێشە نێو دەوڵەتیەکان چاپکراوێکی نوێی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە ، ئەم بەرهەمە نوێترین کتێبە کە لە بواری جوگرافیای سیاسی بە چاپ گەیەندراوە ، دانەری ئەم کتێبە د. عەبدوللآ

عەتەوی یە کە پسپۆڕێکی بە توانای جوگرافیای سیاسی یە ، لەبەر گرنگیو بە پێزی بەرهەمەکەی و

لەبەر نەبونی سەرچاوەی پێویست لە کتێبخانەکانی کوردیدا هەردوو نوسەرو بەڕێزان ماموستا ئەحمەد عەلی ئەحمەد و ماموستا جەزا تۆفیق تالیب ، ئەرکی وەرگێڕانی ئەم کتێبەیان خستە ئەستۆو هەروەکو لە پێشەکی کتێبەکەدا نوسیویانە :

" دەوڵەت و کێشە نێوە دەوڵەتیەکان " لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی سیاسی یە لەسەر دەوڵەت و کێشە نێو دەوڵەتیەکان کە بابەتێکی زێواری و گرنگە نەك تەنها بۆ پسپۆڕانی بوارەکانی جوگرافیاو سیاسەت بەڵکو بۆ سەرجەم ڕۆشنبیران و هەموو ئەوانەی ئەیانەوێت بەکێشە نێو دەوڵەتیەکان ئاشنا بن ، لەهۆو بنەما جوگرافیەکانی تێبگەن بێهێزی یان بەهێزی دەوڵەت لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت "

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی وردو گشتگرە لەمەڕ میژوی جوگرافیای سیاسی کۆن و نوێ ، هەردوو وەرگێڕە بەڕێزەکان بەزمانێکی پاراو نەرم و نیان ئەم کتێبەیان کردوە بە کوردی ، هیوای بەرهەمی نوێیان بۆ ئەخوازین .

ژوانگە

هاوشێوەکان

وێناکردن و وێنەگرتن لە هەندێ ڕووداو هاوشێوەو لەهەندێکی دیکەشدا جیاوازن، بەڵام کاتێ وێنەکان، وێناکردن تێپەڕدەکەن، مرۆڤ مینای شۆڕەبیەکی بەردەم باهۆزێکی ناوەخت، لەدەروواندا هەڵدەلەرزێ..!!

دیمەنی ئەو منداڵە کوردە ئاوارەیەی لە ئۆردووگای (زێوە)دا بە شەستیری فرۆکەکانی ڕژێمی بەغدا خەڵتانی خوێن کراو گیانی لێسەندرایەوە، وینانەدەکرا لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوشێوەی بگیرێتەوە!

دیمەنی ئەو منداڵانەی لە هەڵەبجەی شەهیددا گازی خەردەل و سیانید هەناسەی لێبڕین و نەیانتوانی دەستەکانیان بکەنە پاسەوانی چاوانیان وێناناکرێ لە دوای چەند ساڵێکی دیکەدا دووپات ببنەوە!

دیمەنی ئەو منداڵە فەلەستینیەی لەپشت باوکیەوە گوللە پێکای‌و قەڵغان و پەسیوێ نەبوو گیانی بپارێزێ، وێنا نەدەکرا لێبدرێتەوە!

دیمەنی ئەو منداڵەی ئەفغانستان گە (مین) هەردوو قاچو چاوەکانی لێگێڕایەوە، وێنانەدەکرا پەیدابێتەوە!

دیمەنی ئەو منداڵەی بەغدا کە وردیلەکانی موشەکی تۆماهۆك لاسەرێکیان لەگەڵ خۆیاندا ڕفاند، وێنا دەکرێ چەند بارە بێتەوە!

ئەو منداڵانە هەموویان هاو ئاڕەزووبوون و لەدوا وێستگەشدا ئاوێتەو هاوشێوەن.. هەموشیان بوونەتە قوربانی شەڕو شەڕخوازان.

ئایا کێ لە خولقاندنی ئەو دیمەنانە بەرپرسیارە؟! کێ تاوانبارو کێ تاوانلێکراوە؟! ئایا دیمەنەکان بەرهەمی چەك و ئاواتی چەکدارانن؟!

ئایا قوربانیەکان ستایشی کێ و نەفرەتیش لەکێ دەکەن؟!

من لە نێو کوانووی دڵە بێکەسەکەی خۆمدا بۆ تێکڕای ئەو منداڵانە دەگرێم و لە ناخی پرناسۆرێشمدا نەفرەت لە بکوژانیان دەکەم.